# تاوانەکانی کوشتن "بەپێی ناسنامە" و پەرەگرتنی شەڕی تایەفەگەری لەعێراق، لەئەستۆی کێدایە؟

**نوری بەشیر**
n.bashir3@ukonline.co.uk



ئەمرۆ یەك شەممە ڕێکەوتی 2006/7/9 هەواڵی گەورەترین کوشتاری خەڵکی بێتاوانی عێراق، لەژێر سایەی حکومەتی مالکی و دیموکراسی یەکەی ئەمریکادا، خۆی ئاشکراکرد. بەلام هەواڵی ئەمجارە نەخۆ تەقاندنەوەی باندە تیرۆریستەکانە، نەتەقاندنەوەی سەیارەی مینرێژکراوە، تەنانەت نەهەواڵی پەلامارە سەربازییەکانی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە بۆسەر دانیشتوانی شارەکانی خوارووو ناوەراستی عێراق، نەئاشکرابوونی هەواڵی دەستدرێژییەکی ترو ئەشکەنجەو کوشتاری سەربازانی ئەمریکاو وەزارەتی داخلی و قواتی بەدرو قواتی مەهدیە لەزیندانەکانی ئەبوغریب و چادریەو زیندانەکانی تردا، بەڵکو هەواڵی ئەمجارە سازدانی کوشتارگای بەکۆمەل و دەستدرێژی تایفی و دینیە بۆسەر خەڵکی مەدەنی شاری بەغداد، کەناتوانرێ بەهیچ درۆو دەسەلەیەکی هێزەکانی ئەمریکاو هێزە چلکاو خۆرەکانی لایەنگری لەحکومەتەکی مالکیدا، و تەنانەت تیرۆریستانیکیش کە لەژێرناوی مقاومەی شەریف و ناشەریفدا، خەری تاوانکارین، پەردەپۆشی بکەن.

کوشتاری ئەمجارە لەگەرەکی "حەی جیهاد" لەشاری بەغدا، بەدەستی "جەیشی ئەلمەهدی" سەر بەمقتدا صدر، بەناوی تۆڵەسەندنەوەکانی باڵی ئیسلامی شیعەوە، سەردێری "کوشتن بەپێی ناسنامە"ی بۆخۆی هەڵبژاردووە. دوای ئەوەی میلیشیای چەکداری سەر بەتاقمەکەی صدر لەگەرەکی "حەی جیهاد" دەکەونە دانانی کەمین و نانەوەی خاڵەکانی پشکنین لەنیوەراستی شەقام و لەسەر کۆلانەکاندا، دەکەونە راگرتنی سەیارەو گرتنی خەڵکێك کەلەو ناوەدا هاتوچۆدەکەن پاشان داواکردنی هەویەی شەخسی لێیان، ئەوجا دەکەونە دەسترێژکردن لەوکەسانەی هەڵگری ناوێکن کەبە "سونە مەزهەب"ی بزانن و سەرەنجام 61 کەس دەکوژن. لەوەش زیاتر ئەم کوشتارگایە لەمەیدانی شەقام و کۆلانەکانەوە بەرەو ماڵە "سوننی نشینەکان"ی گەرەکی حەی جیهاد دەکشێ و لەوێش دەستی تاوانکاری لەمنالان و ژنان ناپارێزێ و بەمجۆرە قەسابخانەیەك بەرێ دەخات. ئەمە لەکاتێکدایە کەهێشتا "نەخشەی ئەمنی شاری بەغداد" ی حکومەتەکەی مالکی و بەپشتگیری هێزەکانی ئەمریکا دواین هەنگاوەکانی خۆی تێنەپەراندووە. بەلام کارەساتەکە هەربەمەندەوە نەوەستاوە، هاوکات چەکدارەکانی جەیشی مەهدی، گەمارۆی گەرەکی "حی الشعلە" دەدەن.

لەبەرامبەر ئەم رووداوانەدا "تاقمە سوونی یەکان" بۆتۆڵەسەندنەوەی تایفەگەری هاوکاتی ئەم پەلامار و کوشتارگایە هەر ئەمرۆ لەگەرەکانی حەی کەسرە لەناوچەی ئەعزەمیە و بیاعی رۆژئاوای بەغداد، بەر ئەنجامی تەقینەوەی سەیارەی مینریژکراو، لەیەکەم 19 کەس ئەکوژرێ و 35 بریندار ئەبێت و لەدووەمدا 5 کەس ئەکوژرێ و 3 کەیش بریندار ئەبیت، کەوا باس ئەکرێت ئەمە لەتۆڵەی قەسابخانەی حەی جیهاددا لەلایەن چەکدارەکانی سەربە هیزە سوونی یەکانەوە دەستی بۆبرابێت. بەپێی هەواڵەکانی ناوخۆی عیراق تاکو شەوی درەنگی ئەم رۆژە هێزە ملیشیا جۆراوجۆرەکان کۆنترۆڵی زۆرێك ناوچەیان کردوە بەرامبەر بەیەك وەستاونەتەوە. بەمجۆرە زنجیرەی کوشتار و تاوان و دەستدرێژی کردن بۆتە کردەوە و سیمای شەرێکی نەبراوەی تایەفەگەری لەعێراقدا.

لەبەرامبەر هەموو ئەم تاوانانەدا هێزەکانی ئەمریکا بیلایەن لەسەربازگاکانی خۆیان ڕاوەستاون و تەماشاچین. مالکی سەرۆك وەزیران جگەلە دەستبردن بۆ درۆی باڵدار شتێکی تری بۆپاراستنی گیانی ئەو خەڵکانەی کە هێشتا تاوانەکانی شەری تایەفەگەری پێی نەگەیشتووە بەڵێن نەداوە. لەکاتێکدا خەڵکی ئەو ناوچانە چەندە دەستیان بەکەس و کاریاندا گەیشتبێ بەتەلەفون داوایان لێکردون نەگەرێنەوە ماڵەوەو سەیتەرەی جۆراوجۆر دانراوە دەیانکوژن، لەولاشەوە جلال تالەبانی سەرۆك کۆماریش وەك روداوەکانی چەند مانگی پێشوی باشوری عێراق و بەتایبەت بەصرە، لەبەرگی مەئمورێکی ئەمنستی ئەنتەرناسیونالدا خەریکی باسی مافی مرۆڤەو داوا ئەکات کەخەڵکی عێراق دەست نەبەن بۆ کاری توندو تیژی و خۆیان لە تاوانەکانی یەکتر کوشتن لەسەر ئەساسی ناسنامە بپارێزن!!..

هێزو تاقمە قەومی وئاینی یەکانی تریش کە ئیدعای نەیاربوون بەیەك دەکەن، دەستیان داوەتە موسابەقەیەکی کوشتن و بەم جۆرەش تۆلەسەندنەوە بۆتە ستراتیژو تاکتیکیان و هیچ کەس چاوی لەژیانی ئەو ملیۆنەها ئینسانە مەدەنی یانە نیە کە خۆیان بەهیچ یەك لەم تەرەفانە ناناسنەوە.

ڕووداوەکانی ئەم رۆژانە یەکجاری تر ئینکارکردنی نەبوونی شەری ناوخۆو تایەفەگەری پوچەڵ دەکاتەوە کەڕۆژانە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پنتاگۆن و سەرانی حکومەتی دەستکردیان لەعێراق دووپاتی دەکەنەوە. ئەوەی ئەمڕۆ ڕویدا شەرێکی ئاشکرای  تایفی و قەومیە کەلەژێر سایەی سیناریۆیەکی رەشدا کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی بەوجودیان هێناوە لەعێراقدا، شەرێکی تایفی و قەومی و دینی کە تەنیا بەچۆڵکردنی ناوچەکانی سونەو شیعە و پاکردنەوەی لەیەکتر دەستی پینەکردووە، بەڵکو سەرهەڵدانی چەکدارو میلیشیای دەستەو تاقمەکان و لەپیشیانەوە "فرقەی مەوت"و"جەیش ئەلمەهدی" و"قواتی بەدر" ... تا ئینسان دزین و رفراندنی 50 و 80 نەفەری کرێکاران و کارمەندانی کۆمپانیا نەوتی و خەدەمیەکان و ئاوارە بونی سەدان هەزار خەڵکی مەدەنی. هەموو ئەمانە بەرهەمی  شەرێکی ناوخۆن کەلەنێوان تایفە و قەوم و شوعبە ئاینی یەکاندا سەری هەڵداوە. ئاشکرایە پاشخانی ئەم رووداوانە لەجەنگ و سیناریۆیەکی رەشەوە بەرهەمهاتووە کەئەمریکاو سیاسەتەکانی لەعێراقدا لەپشتیوە راوەستاون. شەرێك کەشیرازەی کۆمەڵگای مەدەنی عێراقی لەبەریەك ترازاند و کوشتارێکی گەورەرو ڕۆژانەی هێنایە ئەم ولاتەوە. سیاسەتێکیش کەبەناوی "دیموکراتیزەکردنی عێراقەوە" رێگای خۆشکرد بۆهاتنە ئاراوەی دەیان دەستەو تاقمی قەومی و ئیسلامی و سەرەنجام هەوڵدان بۆبەبەرداکردنی ناسنامەی "سوونی و شیعی" ، "عەرەبی و کوردی" عەشیرەتی و دەیان ناسنامەی تر و ڕاگرتنیان لەبەرامبەر یەکدا و هەرکاتێکیش ئەم گروپ و تەقسیماتە بۆ پاوانکردنی دەسەلاتی خۆیان و پەرەدان بەنفوزیان دەکەونە گیانی یەکەوە و شەرێکی خوێناوی لەسەرحسابی خەڵکی مەدەنی و بێدیفاعی شارەکان بەرێ دەخەن..

بەلام ئەم روداوەی ئەمرۆ یەکجاری تر خەڵکی ئازادیخواز و بەرەی ئینسانی و مەدەنی و سکولاریزم  چ لەناوخۆی عێراق و چ لەدەرەوەی، لەگەڵ ئەرکێکی گەورە و مەزن بۆ راوەستانەوە لەبەرمبەر ئەم تاوانانەو کۆتایی هێنان بەسەرجەم بارودۆخەکان بەرەو رووەدکاتەوە. کۆتایی هێنان بەداگیرکاری ئەمریکاو دەستکوتاکردنی ئیسلامی سیاسی و هیزە چەکدارەکانیان لەسەر ژیان و موقەدەراتی خەڵك بەهەموو بالەکانیانەوە، دوو ئەرکی پێکەوە گرێدراون لەراستای گیرانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەڵگای عێراق. کۆنگرەی ئازادی عێراق ئەو رێکخراوە جەماوەری و ئازادی خوازەیە کەدەتوانێ وەڵامی ئەم بارودوخانەی ئێستای عێراق بێت و ئەم ئەرکە بەکردەوە دەربهێنێ.. ئەوەی ماوە کۆبوونەوەی هەموو کەسێکی ئینساندۆست و رێکخراو و حیزبێکی رادیکالە لەنێو ئەم رێکخراوەیەدا. کەوایە با بەهەموو توانامانەوە کۆنگرەی ئازادی عێراق بەدەستەوە بگرین و بەهێزبکەین چونکە ئەمە تەنها رێگاچارەو بەدیلی شۆرشگیرانەو ئازادی خوازانەیە..